ئەگەر پیاوێک براکەی خۆشویست؛ ئەوا با پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت

لە میقدام کوڕی مەعدی کریبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاوێک براکەی خۆشویست؛ ئەوا با پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -لە الكبرى- وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی پەیوەندی لەنێوان ئیمانداران باسدەکات کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە ودامەزراندنی خۆشەویستی لەنێوانیان، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێک برایەکی مسوڵمانی خۆشویست یان ئافرەتێک خوشکێکی مسوڵمانی خۆشویست ئەوا با پێی بڵێت کە لەپێناو خوای گەورە خۆشی دەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3017